# ئیلماز گونەی

سینماوان- ئاکتەر- نووسەر

(بە بۆنەی دەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی)

*ئەم نووسراوە لە گۆڤاری گزینگدا بڵاو بووەتەوە.*

**پێشەکی**

ئیلماز سێ ساڵ پێش شەڕی دووهەمی جیهانی لە بنەماڵەیەکی وەرزێردا هاتووەتە دنیا و لە گوندێکی کوردستانی باکووردا منداڵی خۆی تێپەڕاندووە. هاوکات لەگەڵ کار لە مەزرادا، خوێندویەتی و کاتێک بۆ تەواوکردنی خوێندن چووە ئانکارا "عەزیز نەسین"، "یاشارکەماڵ"، تۆلستۆی"، "داستایوڤسکی"، "چخوف"، "شتاین بەک"، "کالدوڵ"، "سلوینە" و...ی دەناسی.

کاری دژوار بۆ بژیو لە کاتی خوێندن لە ئانکارادا ئەوی بەرەو ئەدەبیات، وەکوو هاوارێک لە بەرانبەر ئازارەکاندا، راکێشا و یەکەم چیرۆکی لە ١٩٥٨دا بڵاو کردەوە کە زیاتر چیرۆکی منداڵییەکانی خۆیەتی. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بوو بە هۆی ناساندنی ئەو بە کۆمەڵی هونەری و رووناکبیری تورکیە و "عاتف ئیلماز" سینماوانی رووناکبیری تورکیە داوای هاوکاری لێیکرد.

لە ١٩٦٣دا بڵاو بوونەوەی رۆمانی "سەودا لەگەڵ سێ نامۆدا" بوو بە هۆی دەستبەسەرکردنی لە لایەن رژیمی تورکیەوە بە تاوانی بیروباوەڕی چەپ و دژ بە دەسەڵات. ساڵ و نیوێک لە زیندان بوو و شەش مانگ شاروەدەر(تبعید)کرا.

ئاکتەری کردن لە فیلمە جۆربەجۆرکاندا پاش زیندان و لە ١٩٦٣ەوە دەست پێدەکا. ئەمە بوو بە هۆی ناسراوی و خۆشەویستی ئەو لەنێو خەڵکدا. لە ساڵی ١٩٦٨دا ئۆستۆدیوی "گونەی فیلم"ی بەڕێ خست. ئەم دەزگا چکۆلەیە گەرچی هێزی پێشبڕکێ لەگەڵ دەزگا گەورە سەرمایەدارییەکانیدا نەبوو،

بەڵام هێندێ بەرهەمی جیاوازی لە سینمای ئەو کاتەی تورکیەدا بەرهەم هێنا کە لە دەرەوەی تورکیە نیشان دەدران و لە فستیواڵەکاندا سەرنجڕاکێش بوون.

فیلمەکانی "گورگە برسییەکان"، "هیوا" و "هەڵاتوو" لە گونەی فیلمدا چێکراون. دواتر لە کاتێکدا کە فیلمی "هەژارەکان"ی بە دەستەوە بوو بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ خوێندکارانی دژ بە رژیمی زانستگادا گیرا و خرایەوە زیندان. پاش ٢٧ مانگ بێ دادگاییکردن لە ١٩٧٤دابە بۆنەی لێبوردنی گشتییەوە، ئازاد کرا. فیلمی "هەواڵ" دەستپێکەری ڕەنگدانەوەی ئەو هەستانەیە کە زیندان لەسەر گونەی داناوە. فیلمی دواتری "دڵە خورپێ" بە نیوەچڵی مایەوە چوونکە جارێکیتر بە تاوانی هەوڵدان بۆ کوشتنی دادرەسێک خرایە زیندان و لە پێشدا ٢٤ساڵی بۆ بڕایەوە و پاشان کرایە ١٨ ساڵ.

پشتیوانی بیروڕای گشتی ئۆروپا و هەوڵدان بۆ ئازادکردنی بوو بە هۆی وەرگرتنی ئیزن بۆ نووسین لە زینداندا. بەرهەمی ئەم نووسینانە فیلمنامەی "مێگەل"، "دوژمن" و "یۆڵ" بوو. ئەو فیلمنامەکانی دەناردە دەرەوەی زیندان بۆ دۆستەکانی و ئەوانیش دەیانکرد بە فیلم.

گونەی لە ساڵی ١٩٨١دا لە پشووی کاتی زیندان کەڵکی وەرگرت و هەڵات بۆ سویس. لەوێ فیلمی ناتەواوی "یۆڵ"ی لەگەڵ "شەریف گۆرن"دا تەواو کرد کە هەر لەو ساڵەدا خەڵاتی کانی بردەوە.

ساڵی دواتر فیلمی "دیوار"ی لە فەرانسە چێکرد و دوو ساڵ دوایە -١٩٨٤- ماڵئاوایی لێکردین.

**

من پێم وایە ڕێزگرتن لە هونەرمەند پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە نرخ و بایەخی ڕاستەقینەی هونەرەکەی بناسرێ و بە پێ توێژینەوەی بەرهەمەکانی جێ و ڕێ هونەرمەندەکە دیاری بکرێ، نەک لەبەر ئەوە کە خۆشمان دەوێ، دۆستمانە، یان خۆ لەبەر کورد بوونی.

کاتێک بەرهەمە هونەرییەکانی کەسێک هەڵسەنگێندرا نە کەس بە درۆ جێگای زۆر دادەگرێ و نە کەس دەبێتە قوربانی هێندێ سیاسەتی ڕۆژ و نە کەس لەبیر دەکرێ. دیارە ئیلماز گونەی لەو کەسانە

نییە کە لەبیر چووبێتەوە یان لە بیر کرێ، بەڵام لە ناو ئێمەی کورددا لێکۆڵینەوەی بەربڵاوی لەسەر نەکراوە. هیوای من ئەوەیە کە ئەم کورتە باسە دەستپێکەری باسێک بێ کە دەبووا لە زۆر لەمێژە کرابا بەڵام ئێستاش درەنگ نەبووە.

من لەم باسەدا سێیان لە ئاخر فیلمەکانی گونەی هەڵدەبژێرم "مێگەل"، "پۆڵ"و "دیوار" کە پێم وایە بۆ ناساندنی گونەی پێویستن.

**مێگەل،**

چیرۆکێکی زۆر کورتی هەیە: مەڕدارێک بە هۆی قەرزدار بوون بە سەلەم فرۆشەوە ناچار دەبێ مەڕەکانی بەرێتە شار بیانفرۆشێ، کوڕەکانیشی وەکوو شوان لەگەڵ خۆی دەبا. ژنی کورە گەورەکەی نەخۆشە، بۆیە ئەویش لەگەڵ خۆیان دەبەن کە بیبەنە دوکتور. لە ڕێگادا بە تایبەت لەو کاتەوە کە سواری قەتار دەبن تووشی هێندێک تەنگ و چەڵەمە دەبن کە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی بەشێک لە مەڕەکان و لاواز بوونیان و لە ئاکامدا بە نرخی خۆیان پارە ناکەن. بنەماڵەی مەڕداریش لێک بڵاو دەبنەوە. کوڕە چکۆلەکەی وون دەبێ و بووکەکەی دەمرێ و کوڕە گەورەکەی سەرگەردان دەمێنێتەوە.

جارێکی دیکە بەم چیرۆکەدا بینەوە بزانین گونەی بۆچوونەکانی خۆی چۆن لەم چیرۆکەدا نیشان داوە و بەرزی و نزمییەکانی لە کوێن و بایەخەکانی لە چ دان؟

مەڕدارەکە سەرۆکی بنەماڵەیەکی باوک سالارە، هەر لە سەرەتای فیلمەکەدا گونەی ئەوەمان بەم شێوە پێ نیشان دەدا کە باوکەکە لە کوڕە گەورەکەی دەدا، بەڵام کوڕەکە سەر دادەخا و هیچ ناڵێ. کوڕەش دەچێ لە ژنە نەخۆشەکەی دەدا و ژنەکەش دەنگ ناکا و دوایە تێدەگەین کە ژنە هیچ کات دەنگی دەرنایێ، وەکوو لاڵ بێ. ڕەمزێک کە دەستپێکەری ڕەمزەکانی فیلمەکەیە. بۆ چاک بوونەوەی نەخۆش پەنا بە نووشتونووس دەبەن و ئەو بە کوردی دەدوێ، کە وابوو کۆمەڵەکە کۆمەڵێکی کوردەوارییە. دەش کرێ تەنیا نووشتونووسەکە کورد بێ. گونەی هەوڵی نەداوە کە پێداگری لەسەر کورد بوونەکەیان بکا، چوونکە بۆی گرینگ نەبووە. دوواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە. هەرچۆنێ بێ، ئەم

بەشە بۆ ئەوە دانراوە کە رادەی دواتەتوویی کۆمەڵەکەی پێ بناسێنێ. کۆمەڵێک کە هێشتا لە باوەڕی خورافی نووشتونووس و شتی وادا دەرنەهاتووە. رەمزی دیکەی داهاتووی ئەم جۆرە بنەماڵەیە لە ئاخر کوڕی بنەماڵەکەدا پیشان دەدرێ کە فێ لێدێ (تووشی سەرع دەبێ) و ناتووانن هیوایان هەبێ کە ئاگای لە مەڕەکان بێ. قەرزاری بە سەلەم فرۆش و دەلاڵ رێنوێنیمان دەکا کە بزانین ئەو کۆمەڵە بە تەواوی لەسەر پێ خۆی ناژی و بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێکی دیکەوە. ئەم جیاوازییە زۆر بە ساکاری و ئۆستادانە پیشان دەدرێ. پەنیر و کەرە و پێستی بەنرخ لە بەرانبەر ئاوێنە و دەرزیلە و زرِ و زیوەی یالانچی و بێ بایەخدا.

مێگەل بەرێ دەکەوێ لە کوێستانەوە بۆ شار و لە شار سواری قەتار دەکرێ. سەفەرێکی درێژ هەتا ئانکارای لەبەرە. گونەی هەوڵیداوە ئەم سەفەرە بکا بە بیانوویەک بۆ نیشاندانی هەلومەرجی ژیان و چۆنیەتی کۆمەڵگای ئەو خاکە.

یەکەم شت دیتنی جوتکردنی تراکتۆرێکە لە وێنەیەکی نزیکدا. ئەم وێنە بەرەورِوو بوونەوەی خاوەن مەرێکە لەگەڵ تێکنۆلۆژییەکدا کە ئەو سەری لێی دەرناچی، بە موسیقایەکی تایبەتەوە مەترسییەکەی دەنوێنرێ. دوا رووداو تێرۆرێکی سیاسییە کە لە نێوان مەڕەکاندا لە شەقامەکانی شاردا روو دەدا. کە بە بڕوای من ئەگەر باشتر کاری لەسەر کرابا بێ وێنە دەبوو. گونەی کۆمەڵ بە مێگەلێک دەچوێنێ کە هێندی کەس چییان پێ خۆش بێ لەناویدا دەیکەن و کەس نییە پێشیان پێ بگرێ. ئەوەشمان پێدەڵێ کە جەوی تێرۆر بەسەر ئەم کۆمەڵەدا زاڵە، بەڵام خاوەن مەڕی بەستەزمان کە دەستی لە کوێستان بڕاوە زەبوون و زار ئیشک هەڵگەڕاو بە دەور خۆیدا دەسووڕێتەوە. ئەم سەرلێشێواویە ئەوەندە نییە کە نەزانێ دەبێ بەرتیل بدا هەتا مەڕەکان سواری قەتار بکا. بەرتیل خواردن نەخۆشییەکی دیکەی کۆمەڵەکەیە. رووداوی دیکە هاتنی خۆفرۆشێکە بۆ نێو قەتارەکە و نووستنی لەگەڵ کوڕە فێدارەکە لە نێو کۆپەی مەڕەکاندا دەبێ و دزینی پارەی کوڕەکە لە بەر شاڵەکەیدا. هەڵبژاردنی ژنێکی شەل بۆ ئەم مەبەستە نیشانەی وریایی گونەیە و ئیشارەیە بە چۆنیەتی ژیانی ژنان. دوایەش کوڕە سەرع دەیگرێ و ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ تاقمێک دز کە دەستوبرد لە مەڕەکان بدەن .یەک دەیخاتە خوارێ و ئەوانیتر گورج

سەری دەبڕن و لە سەیارەیەکی دەهاوێن. شێوەی دزییەکە ئیشارەیە بە بێ بەزەیی بوونی ئەم کۆمەڵە. هەتا ئێرە نە پۆلیس هەیە و نە ژاندارمە. گونەی ناهێڵێ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بخاینێ. دوو ژاندارمە لاوێکی ڕێکوپێکیان کەلەبچە کردووە و سواری قەتار دەبن. لاوەکە سازێکی پێیە و بۆ خۆشکردنی موزیکی فیلمەکەش بووە بە دەستی کەلەبچە کراوەوە دەستێک بە سازەکەیدا دێنێ. مەبەست ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە کاری بە دز و چەتە نییە، تەنیا کاری بە هونەرمەند و ڕووناکبیرە و بە شێوەیەک دەکرێ بڵێین تەنیا کاری بە دژە سیاسییەکانەوە هەیە کە ئەمە بۆ خۆی یەکێک لە دیمەنە بایەخدارەکانی ئەم فیلمەیە. بابەتەکە زۆر بە زەقی باس ناکرێ، بە پێچەوانەی هێندێ شوێنی دیکە. گەرچی نەختێک بەزۆر تێکخستنەوەیە و لە ڕەوتی چیرۆکەکە چووەتە دەرێ، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە گوتم پێویستە.

بە گەییشتنە ناو ئانکارا بڕێک وێنەی جیاجیا لە دارودیوار و پەیکەرە و پۆستێری سێکسی سینماکان و... دەبینین کە پێکەوە دەیانەوێ ڕوومەتی کۆمەڵایەتی شارەکە پیشان بدەن. و هۆی ون بوونی کوڕە چکۆلەکە درخەن، بەڵام کارەکە بەپەلە و خاو کراوە و نەختێک زەقە.

کڕیاری مەڕەکان بە سەیارەیەکی زەلامی ئەمریکی دێتە نێو بازاڕی حەیوانان کە بۆ خۆی کۆنتراستێکی جوانە، هەرچەند تازە نییە، بەڵام قامک بۆ سەرۆکی هەرە گەورە (ئەمریکا) دەکێشێ. کوڕە چکۆلە لە نێو جەنگەڵی شاردا ون دەبێ و کوڕە گەورە ژنەکەی بە کۆڵەوە دەگرێ و دەیباتە لای دۆستێک لە سبەی بیباتە دوکتور. خانووەکە نیوەکارەیە و دۆستەکە نگابانی ئەو خانوەیە. شەو ژن دەمرێ، لەسەر دیواری خانووەکە پۆستێرێک دەبینین (وێنەی خودی ئیلمازە) کە لە سەنگەردایە و تفەنگێکی پێیە. (ڕێگا چارەیەک، ڕەنگە.) ئەگەر گونەی ژنەکەی نەکوشتبا، دەمگوت پۆڵ درێژەی مێگەلە و گونەی کاتێک مێگەلی دروست کردووە، سەناریۆی یۆڵی لە مێشکدا بووە و ئەوە کوڕە گەورەکەیە کە لە فیلمی یۆڵدا لە زیندان دێتە دەرێ و... کە وا نەبووە، بەڵام دەتوانین بڵێین نووسەری یۆڵ مێگەلی لەبەرچاو بووە.

پێش ئەوە کە باسی یۆڵ بکەم دەمەوێ بپرسم: ئایا ئەو کوڕە کە لە کوێستانەوە، لە ژیانێکی سوننەتی بنەماڵەییەوە دێتە شار و ژنەکەی لەدەست دەدا و لە دنیایەکی نەناسراودا وێڵ دەبێ خودی گونەی نییە؟ یاخۆ برا چکۆلەکە رەنگە ئەو بێ؟ رەنگە نە بە تەواوی بەو شێوەیە کە لە فیلمی مێگەلدا دەبیندرێ، بەڵام هەر نەبێ بەرەی گونەی لە تەمەنی خۆیدا گۆڕانی کۆمەڵی لە فۆرماسیۆنێکەوە بۆ فۆرماسیۆنێکی دیکە بە چاو دیتووە، و لە ژیانی خۆیدا بەتاقی کردووەتەوە و هەموو ژان و ئازارەکانی چێشتووە. گونەی دەیەوێ ئەو سەفەرە کۆمەڵایەتییەمان پێ بناسێنێ. بەڵام ئاخۆ سەرکەوتووە لە مەبەستەکەیدا؟ بەبڕوای من دەرهێنەری مێگەل هێشتا زۆر ڕێگای لەبەرە هەتا ببێ بە چێکەری یۆڵ. دیارە فیلمی مێگەل لە تورکیەی ئەو کاتەدا و ئێستاش فیلمێکی جیاواز و رووناکبیرانەیە. دەزانین کە سینەمای تورکیە سینەمایەکی سووک و بێ ناوەرۆکە. سینەماوان و رووناکبیرەکان لە ژێر چەپۆکی سانسوردا تاساون. بۆیە مێگەل بە بێ بەراورد لەگەڵ ئەوانەدا ئێستاش دەتوانێ فیلمێکی لەبەرچاوان بێ و وەکوو بەردەبازێک بۆ یۆڵ بژمێردرێ.

بێگومان هەر بەرهەمێکی هونەری هەستی خودی هونەرکارەکەی پێوەیە و هونەرمەند بۆ خۆی ئەو کات و ساتانەی تاقیکردووەتەوە. دیارە ئەمە هەموو ئەو شتە نییە کە هونەر پێویستیەتی. ژیانی ساکار خۆبەخۆ هونەر نییە، ئەو دەم دەبێتە هونەر کە فەلسەفەیەک، روانگەیەک یان هەست و بیرێکی تازە لە بەرهەمەکەدا رەنگ بداتەوە. هەرچی ئەو بیر و فەلسەفە قووڵتر بێ نیشانەی گەشەکردوویی زیاتری هونەرەکە و ماندووبوونی زیاتری هونەرکارەکەیە. ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە گوت کە بڵێم تاقیکردنەوەی زیندان بۆ گونەی هەلومەرجی پێکهاتنی بیری "یۆڵ"ی دروست کردووە و فەلسەفەی زیندانی بۆ گەڵاڵە کردووە.

**یۆڵ**

قەوارەی چیرۆکەکە یەکێک لە شێوە دژوارەکانی هونەری ریوایەتییە. دەست پێکردن و بەرەوپێش بردنی چەند رووداو بە شێوەی هاوکات و هاوڕێ.

له زیندانەکانی تورکیەدا – رەنگە لەبەر نەبوونی جێگا و وەرگرتنی پارە و شتی وا کە من زۆری لێنازانم- بۆ ماوەیەکی کورت پشوو بە زیندانی دەدەن و پاشان دەبێ بگەڕێتەوە زیندان.

پێنج کەس پێکەوە نێویان دەخوێنرێتەوە و بەرگی ئازادی کاتییان پێ دەدرێ. یوسف کە قەفەس و قەنارییەکی پێیە، لە یەکەم بنکەی پشکنینی سەر ڕێگادا دەردەکەوێ کە بەرگەکەی ون کردووە و دەیگێڕنەوە.

دووهەمین دەڕوا کە ژن بێنێ. سێهەم "محەمەد" ژن و منداڵەکەی لە ماڵی بابی ژنەکەیەتی و باب و برای ژنەکە بەرگری لەوە دەکەن کە ژنەکەی ببینێ، چوونکە برای ژنەکە لە ڕووداوێکدا کوژراوە و ئەوان زاواکەیان بە تاوانبار دەزانن. محەمەد لەگەڵ ژنەکەی هەڵدێن. دوواتر لە قەتاردا هەردووکیان بەدەست برای ژنەکە دەکوژرێن ئەویش لە کاتێکدا کە بە تاوانی ئەوە کە لە توالێتدا پێکەوە بوون، هەڵایان لەسەر ساز بووە و لە زیندانی قەتارەکە دان.

عومەر پاڵەوانی چیرۆکی چوارم دەچێتەوە گوندەکەیان لە کوێستان و شەو لەوێ شاهێدی شەڕی پێشمەرگە و ژاندارمەیە و سبەی تەرمی برا پێشمەرگەکەی دێنن لەناو دێ دەیگێڕن و ئەو خۆبەخۆ بە پێ نەریتێک دەبێتە مێردی ژن براکەی و ئاخرەکەی هەڵدێ و لە سنوور دەرباز دەبێ. ئەمەیان بە پێ جامەدانێ دەور ملی و تیتری پێش چیرۆکەکە، کوردە. گەرچی لەم چیرۆکانەدا کورد بوون و نەبوون گرینگ نییە.

چیرۆکی سەعید دەکرێ بڵێین کوڵەکەی فیلمەکەیە و چیرۆکەکانی دیکە بە دەور ئەودا دەگەڕێن. سەعید بە هەزار مەینەت خۆی دەگەیەنێتە ماڵی دایکی لە کوێستان و لەوێ تێدەگا کە ژنەکەی لە نەبوونی ئەودا رەدوو کەوتبووە و ئەوانیش گرتوویانە و ئێستا ئەو دەبێ بچێ ژنەکەی بکوژێ - لێرەش ژنەکە لە بنەماڵەی کوردە- سەعید دەڕوا دەیبینێ، لە تەویلە بەستوویانەتەوە، نایکوژێ، لەگەڵ خۆی دەیبا، بەڵام بە جل و بەرگی ناتەواوەوە. ژن لە بەفر و سەرمادا بۆ خۆی دەمرێ. دووایەش سەعید تەنیا کەسە کە دەگەڕێتەوە زیندان.

با بزانین گونەی چ فەلسەفە و روانگەیەکی لەم چیرۆکانەدا هەیە و چۆنمان ڕێنوێنی دەکا کە لە مەبەستەکەی بگەین.

زیندانییەک خاوەنی قەفەسێکی قەنارییە. یانێ زیندانییەکە بۆ خۆی زیندانەوانێکە. بەم روانگەوەیە کە گونەی لە دووی پاڵەوانی چیرۆکەکانی دیکە دەکەوێ و ئەوەیان کە ئیتر کاری پێ نەماوە دەینێرێتەوە زیندان و لەگەڵ ئەوانی دیکە کون و کەلەبەری کۆمەڵ دەپشکنی و لە هەموو جێگایەک هەر زیندانی و زیندانەوان دەبینێتەوە.

لە دەرەوەی زیندانەکە لەسەر رێگاکان بنکەی پشکنین هەیە، یانێ لە بازنەیەکی گەورەتردا زیندانێکی دیکە و ئەم بازنە لە نێو بازنەدا هەروا دەڕۆن هەتا دەگەنە سنووری وڵات کە بە تێلی دڕودار گیراوە. ئەمەیان لە چیرۆکی عومەردا دەبیندرێ.

گونەی لە هەر دیمەنێکی ئەم فیلمەدا زیندانێکمان پێ نیشان دەدا. زیندانی دەمارگری، رقەبەری، بەخیێلی، دواکەوتوویی، ئایین و مەزهەب، نەفامی و لە هەموو زیاتر پیاوسالاری. بێگومان لە زیندانەکانی ئەم کۆمەڵەدا یەکەم زیندانی ژنانن کە بێبەزییانە لە ژێر تەوژم دان.

ژنێک بە تاوانی ئەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی کەوتووە بە دەست براکەی دەکوژرێ. ژنێک بە تاوانی ئەوە کە لە نەبوونی چەند ساڵەی مێردەکەیدا حەز لێکردوویی کردووە، وەکوو ئاژەڵ لە تەویلە خراوە و حوکمی کوشتنی دراوە. هەر لەو کاتەدا پیاوان بۆیان هەیە بچنە قەحبەخانەش. ژنێک بە بێ مافی هەڵبژاردن لە برایەکەوە دەدرێ بە برایەکی دیکە. کچێک بە بێ لێپرسینەوە دەدرێ بە کابرایەک کە هێشتا زیندانییە. تەنانەت ئەو ژنانە کە بە رواڵەت خۆیان لە بەندی هەموو شتێک ئازاد کردووە و خۆفرۆشی دەکەن لە قەفەسێک خراون و پیاوان لە پشت میلەکانەوە وەکوو مەیموونی رووت سەیریان دەکەن و بە پارەیەک لە زیندانەوانەکەیان دەکڕن. گونەی ئەوەندە وریایی هەبووە کە نەهێڵێ ژنان بە ئاخر بازنەی ئەم زیندانە بزانین. ئەوانیش بۆ خۆیان زیندانەوانێکن. دوو ژن دەبینین کە لە زیندانی جلی

ڕەشی خۆیانەوە چاودێری ئەو کچەیان دەکەن کە تازە بوەتە دەزگیرانی کوڕە زیندانییەکە. نەکا دەزگیرانەکەی ماچی بکا پیش ئەوە کە حەق و حسابەکەی بدا.

ئەگەر کەسانێک لە جێگایەک دان کە نێوی زیندانە و بۆ خۆی لە نێو زیندانێکی گەورەتردایە، باقی شوێنەکانیتریش هەموو هەر زیندانن. هەر کەسە هەر لەو کاتەدا کە زیندانییە، زیندانەوانیشە. هەر ئەو بەندەی کە لە پێ خەڵکی دەکا لە پێی خۆشیدایە و لەم کارەدا نە کەس تاوانبارە و نە کەس بێتاوان. هەموو نرخی فیلمەکەش هەر لەبەر ئەمەیە. هەموو لە نیزامێکی کۆمەڵایەتیدا دەژین، یا باشترە بڵێین لە پەیوەندییەکی ئینسانیدان کە ئاکامی بێ ئەم لاوئەولای ئەم بەندی هەزار بەندەیە.

ئەم مەبەستە گرینگە بە زمانێکی هونەری سادە و لە تۆتۆی ڕووداوە ئاسایی و ژیانە ساکارەکاندا نیشان دەدرێ. هەرچی هەیە هەر ئەوانەیە کە هەموو ڕۆژێک هەمووومان دەیبینین و لەگەڵی دەژین، بەڵام یا ناتوانین یا نایزانین، یا دەزانین و ناوێرین کە هەرایەک بکەین.

هێندێ جوانکاری و وردەکاری لەم فیلمەدا هەیە کە باری هونەری فیلمەکە تەواو دەکات. من نازانم چەند لەمانە کاری گونەیە وەکوو فیلمنامەنووس و مۆنتێر یا خۆ کاری شەریف گۆرنی دەرهێنەرە، یا خۆ کاری هەردووکیان. گرینگ ئەوەیە کە خاوەنی بنەما فکرییەکە ئیلماز گونەیە.

بۆ نموونە: وەکوو دینمەنی نێو حەوشەکە کە بابی ژنەکە خەریک سەربڕینی مەڕێکە و ژنەکە لە ژوورەوە لە پشت دەرکەی داخراوەوە خەریک جل دوورینە. وەکوو سەرپێچە و حیجابی ژنەکە لە ناو توالێتەکەدا، پێداگرتنێک لەسەر ئەوە کە پیاوەکە هەر لە فکرێ خۆی دایە. وەکوو لێدانی ئەسپەکە کاتێک پێ خستووە و لێدانی ژنەکە هەر بەو شێوەیە کاتێک لە سەرمادا گۆت بووە. وەکوو کوێری و لاکەفتەیی ئەو بابە کە فەرمانی کوشتن دەدا. وەکوو ژمارەی چوار بۆ مەولود. وەکوو ددان ئێشەیەک کە لەکاتی ڕویشتن و هاتنەوەدا سەعید بەر نادا. وەکوو دەرهێنان و لە قامک کردنەوەی ئەنگوستیلەی دەزگیرانی لە قامک سەعیددا پاش مردنی ژنەکەی کە خۆشەویستییەکی قوڵ دەنوێنێ. ئەگەر ئەم دیمەنە نەبووایە نەماندەزانی ئەم پیاوە بە کوشتنی ژنەکەی ڕازی بوو یان نە؟ نەماندەزانی ئاخۆ ئەویش

تەسلیمی بێ ئەم لاوئەولای یاسای سوننەتییە یا خۆ دەوری نەماوە. چوونکە لەم چیرۆکەدا سروشت دەبێتە هۆی نیشاندانی بێ بەزەیی مرۆڤ. یانێ دیار نییە ئەگەر زستان نەبا و هاوین با، ئەو ژنە چارەنووسی چ دەبوو. بەڵام ئەم دیمەنە پێمان دەڵێ کە نەدەمرد.

ئەمن بە ئیزنی گونەی دەمەوێ ئەو دیمەنە کە کوڕە کوردەکە بە ئەسپەوە بە شێوەی هێواش کراوە هەڵدێ، بیبەمە ئاخرەوە، ئەم دیمەنە وەکوو خەیاڵ دەچێ، خەیاڵی دەربازبوون لە زیندان، خەیاڵێک کە نایەتە دی، لانی کەم هەتا دنیا بەم شێوەیە. ئەوانەش کە دەیانەوێ هەلومەرجەکە بگۆڕن دەکوژرێن، وەکوو برای هەر ئەم کوڕە. دیارە ئەم دیمەنە زۆر کەسی بە هەڵەدا بردووە و پییان وابووە رۆیشتن بۆ شەڕە.

شتێکی دیکە کە لە قوڵایی فەلسەفی فیلمەکە زیاد دەکا، شکاندنی کاتە. کاتێک لە زیندان بەردەبن وەکوو بەهار دەچێ، لە چیرۆکی عومەردا هاوینە، لە چیرۆکی سەعیددا زستانە و هتدی... ئەمە بۆ خۆی دەگەیەنێ کە ئەم زیندانانە وەرزی نین، لە هەموو کاتێکدا وەک لە هەموو شوێنێکدا هەر هەن و بەردەوامن.

بۆ من بە پێچەوانەی هێندی پروپاگاندەی ناڕاست گرینگتر ئەوەیە کە تێخی رەخنەی گونەی تەنیا لەسەر رژیمی تورکیە نییە. یانێ ئەم بەرهەمە ئەوەندە ساکار نییە، بەڵکوو رووی لە هەموو مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵەیە و گونەی ئەوەندە زیرەکی و هوشیاری هونەری هەبووە کە بابەتەکە ئەوەندە بەرتەسک نەکاتەوە و لێگەڕێ کە هەموو ئینسانان بگرێتەوە. هەموومان زیندانەوانین، هەموومان دیکتاتۆرە چکۆلەکانین. لەم روانگەوە، ئەم فیلمە ئەوەندە بایەخی هەیە کە دەکرێ چاوپۆشی لە هێندێ کەم و کوڕی بکرێ کە ئەگەر نەبووایەن لە ژانری خۆیدا بەرهەمێکی هەرە بەرز دەبوو.

گونەی ئینسانێکی زۆر پڕکار بووە و قەت نەسرەوتووە. هەروا کە لە ژیاننامەکەیدا دەردەکەوێ جگە لەو ساڵانەی کە لە زینداندا بووە، ساڵێک یەک فیلمی بەرهەم هێناوە. ئەو پاش وەرگرتنی خەڵاتی فستیواڵی کان، دەستبەجێ و بەپەلە فیلمی "دیوار"ی گرتە دەستەوە کە لە پێشبرکێ فستیواڵدا بەشدار

بوو. بۆ باسکردن لە سەر دیوار دەبێ نەختێک بگەڕینەوە دوواوە و فەلسەفەی قووڵی یۆڵ لەبیرکەین و لە روانگەیەکی دیکەشەوە، ئەمجارە نە وەکوو فەیلەسوف بەڵکوو وەکوو پارتیزانێکی سیاسی گونەی ببینین هەتا تێبگەین کە بۆ فیلمی دیوار دەخولقێ.

گونەی رووناکبیری چەپی وڵاتێکی پڕ لە کێشەی دوواکەوتوویی وەکوو تورکیەیە و پەروەردەی ساڵەکانی ٦٠-٨٠ یـە. بیست ساڵێک کە دنیا لە گەورەترین هەژانی سیاسی خۆیدا بوو.

ساڵەکانی گەشەکردنی جووڵانەوەی چەپ و رزگاریخواز لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتدا. ساڵەکانی شەڕی ویێتنام، لائۆس و کامبوج و شۆڕشی کوبا، شۆڕشی کۆلتووری چین و بەهاری پراک. مائوئیسم و چەگوارا و کاسترۆ و هوشەمین. ناسیونالیزمی عەرەب و ناسر و بەعس. شۆڕشی چریکی لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ژێردەستدا. فەلەستین و ئێریتێرە و سەحرا و ئەمریکای لاتین و زوفار و ئێران و کوردستان. جووڵانەوەی ٦٨ی فەرانسە و وڵاتانی دیکەی ئۆروپا. پشتیوانی رووناکبیرانی ئۆروپایی لە شۆڕشەکانی رزگاریخواز. روخانی دوو ئیمپراتوری ئیستێعماری گەورەی پرتەقاڵ و ئیسپانیا و رزگاربوونی وڵاتە ئەفریقییەکان. ساڵەکانی ئانارشی چەپ و راست لە تورکیەدا و کودەتای نیزامی لەوێ. و لە کۆتاییدا سەرکەوتنی بەشێکی زۆر لەو جووڵانەوە و شۆڕشانە وەکوو ویتنام و ئێران و...

رووناکبیری هونەرکاری ئەو ساڵانە بە تایبەت ئەگەر کەرەسەیەکی وەکوو سینەمای بەدەستەوە بووبێ و ویستبێتی قسەی دڵی بکا، پڕە لە هاوار، ئەم هاوارانە جاری وایە پڕن لە دروشمی رووت و هونەریان بە هەڵە پێ تفەنگ بووە و مەیدانی تەراتێنی ئەسپی سیاسی، ئەویش لە رادەیەکی زۆر نزمدا. جاری واش بووە بەرهەمی بێ وێنەی لێ دەرهاتووە. (بۆ نموونە فیلمی ١٩٠٠ی بێرتۆلۆچی). زۆربەی ئەوانیتر لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا هاتووچوویان کردووە.

بە تێگەییشتنی ئەم فەزایە کە دەتووانین فیلمی دیوار هەڵسەنگێنین. دیوار لە فیلمەکانی دیکەی گونەی زیاتر بەرەو فیلمێکی دروشمدەر نزیک دەبێتەوە و کەمتر گونەی فیلسوفی یۆڵی تێیدا دەبینین.

ئەمە هەروەها کە گوترا بەشێکی بۆ روانگەی سیاسی گونەی دەگەڕێتەوە و بەشێکیش بە هۆی هەلومەرجی ئەورۆژانەی ئۆروپا بە تایبەت فەرانسەیە.

فەرانسە بۆ نیشاندانی نارەزایەتی خۆی سەبارەت بە کودەتای نیزامی لە تورکیەدا کە تەنیا بە رای ئەمریکا کرابوو و راوێژ لەگەڵ ئۆروپا نەکرا بوو، ئیزنی هەموو جۆرە کردەوەی سیاسی دژی تورکیەی دەدا و گونەی لەم هەلە کەڵکی وەردەگرت. خۆپیشاندانی بەرێ دەخست، مانگرتنی خواردنی دادەنا و لە کۆبوونەوەکاندا دژی حکومەتی تورکیە قسەی دەکرد. ئەم کار و کردەوانە بە هۆی ناوبانگی گونەیەوە کارتێکەری خۆی هەبوو، بەڵام نەدەبووا هەر بەو ساکارییە لە هۆنەرەکەیدا رەنگ بداتەوە. گونەی لە فیلمی دیواردا لە ژێر سێبەری ئەم روانگەدایە، هەرچەند جار جار چێکەری یۆڵیش دەر دەکەوێ.

ئەگەر لە فیلمی یۆڵ دا زیندانەکانی ژیان گەڵاڵە دەکرێن، لە "دیوار"دا ژیانی زیندان نیشان دەدرێ. ژیان لە هەموو لایەنێکەوە، لە بە دنیا هاتن لە زینداندا هەتا هاوسەرگیری و مردن. ژیان لە زینداندا لە حەوت شەو و رۆژدا. زیندانی ژنان، زیندانی پیاوان، زیندانی منداڵان و زیندانی سیاسی.

بە هەمان شێوەی یۆڵ چیرۆکەکان هاوکات و هاوڕێ دەچنە پێشەوە. دوو چیرۆکی ناوەندی هەیە و هێندێ رووداوی ورد و دورشت کە زیاتر یارمەتی فەزاسازی فیلمەکە دەدەن. هەر کام هەر لەو کاتەدا کە بەشێک لە ژیانەکەن، پەیامێکی جیاگانەیان هەیە کە جار وایە هیچ پەیوەندییەکی بەوانی دیکەوە نییە. من هەوڵ دەدەم ئەم دوو چیرۆکە لەژێر خەروارێک دیمەنی دیکەدا دەربێنم.

کوڕە منداڵێک لە زیندانەوە نامە بۆ باوکی دەنووسێ و گلەیی لێیدەکا کە بۆ وەڵامی نامەکانی ناداتەوە. ئاخری بابەکە دێ بۆ دیتنی و ئێمە تێدەگەین کە بابی راستەقینەی نییە. کوڕەکە هەتیوە و نامەی بۆ کەسێکی نەناس نووسیوە. ئەم منداڵە و منداڵەکانی دیکە زۆر بە توندی لە ژێر زەخت و لێدان و بێگاریدان. سێ چوار کەسیان کە لەوانی دیکە گەورەترن پلانێک دادەڕێژن کە هەڵێن، یەکێک لەوانیتر بە پلانەکەیانی زانیوە، بەڵام نایانەوێ لەگەڵ خۆیانی بەرن، چوونکە ئەو ترساوە و نەیتوانیوە رووداوی هەتککردنی خۆی لەلایەن پاسەوانی کێشکەوە بۆ بەرپرسی زیندان بگێڕێتەوە.

رۆژێک کە پاسەوانە مێهرەبانەکە کەوا منداڵەکان پێی دەڵێن مامە بۆ کار لە جەنگەڵدا دەیانباتە دەرێ. ئەم منداڵە هەڵدێ و دەکوژرێ. ئەوانەی کە دەیانەویست هەڵێن لەم قەرەباڵغییە کەڵک وەردەگرن و هەڵدێن. دوواتر دەبینین کە هەموویانیان دەستبەسەر کردووەتەوە. یەکیان رۆژێک دوواتر لەوان دەگیرێ و بە هۆی لێدانی زۆری پاسەوانەکانەوە هەر ئەو شەوە دەمرێ. پێش مردن دەڵێ: "دەرەوەش هەر وەکوو ئێرەیە، هەرکەس دەستی بڕوا ئەوی دیکە دەکوژێ. لەم دنیایەدا جێگا بۆ ئێمە نەماوە." سەربازەکان تەرمەکەی دەبەن لە ژێر پەیکەوەی کەمال ئەتاتورکدا دایدەنێن.

چیرۆکی دووهەم کە نەختێک زووتر تەواو دەبێ، چیرۆکی ژنو پیاوێکە کە پێکەوە شووی ژنەکەیان کوشتووە و هەردووکیان ئێعدامیان بۆ دەرچووە. ژنەکە کە بۆ خۆی زۆر لاوە، منداڵێکی حەوت ساڵانی هەیە کە لە زیندان لەگەڵ دایکی دەژی و دەیەوێ بینێرێتە مەکتەب. ژن و پیاوەکە داوایان کردووە کە ئیزنیان بدەن پێکەوە هاوسەرگری بکەن، گەرچی هەرکام لە زیندانێکی جوودادان. —گوایە لە زیندانەکانی تورکیە یاسایەکی وا هەیە کە ژن و پیاو دەتووانن زەماوەند بکەن و شەوێک پێکەوە بن- زەماوەند لە هەردووک زیندانەکەدا دەکرێ و ئەوکاتە کە دەبێ بیانبەنە لای یەک، دەیانبەن بۆ ئێعدام. لە چەند وێنەی جوان بەڵام کورتدا دەبینین کە زندانییەکان هەموو دەیانزانی کە ئەوانە بە مەرگ دەسپێردرێن، بەڵام بۆ خۆیان نەیاندەزانی.

هەرکام لەم چیرۆکانە بە بێ بابەتە زیادییە دەروبەرییەکەیان، دەکرا چیرۆکی تراژێدییەکی جیاواز بۆ فیلمێکی سەربەخۆ بێ. زۆرن ئەو کەسانە کە پاش دیتنی ئەم فیلمە گوتوویانە "چ شتێکی نایابی لە دەست داوە!" من لێی زیاد دەکەم کە ئەم دوو چیرۆکە لە ژێر کۆمەڵێک دروشم و بابەتی ناپێویستدا ون بوون.

بەڵام پێش ئەوە کە باسی ناتەواوییەکانی فیلمەکە بکەم، دەمەوێ لایەنە باشەکانی ببژێرم.

فیلمی دیوار بە شەو دەستپێدەکا و بەشەو تەواو دەبێ، حەوت بەیانی مژگرتوو بە هەڵاتنی وەرزشی سەربازەکان نیشان دەدرێن. ئەوان لە نێوان دوو ریزە داری هەتا نیوە رەنگ کراودا (لە رەنگی ساقۆڵی

پێڵاوی سەربازەکان) کە پێمان دەڵێ لەم وڵاتەدا هەموو شتێک بە لۆژیکی سەربازی چاو لێدەکرێ. گەرچی کات لە چیرۆکەکەی منداڵەکاندا لە حەوت رۆژ تێدەپەڕێ، بەڵام ئەم شەو و رۆژ کردنە بۆ خۆی نیشاندەری ئاگاداری چێکەر لە مەسەلەی کاتە لە درامادا.

لە هەموو وێنەکاندا چوارچێوەیەک یان دوو میلە یا چەند دیوار دەبیندرێن کە بۆ خۆی پەیوەندی رواڵەتی زیندان لە وێنەکاندا دروست دەکا و هەمووی هەر دووپاتەکردنەوەی زیندانە و جار جار تابلۆی زۆر جوانی تێیدایە.

دانانی کاراکتێری چاک و خراپ لە پاسەوانەکان گەرچی زۆر ئەوپەڕگری تێیدایە (وەکوو هەموو شتەکانی دیکە) بەڵام هاتووچوویەکی درامی دروست دەکا.

لە قەوارەی چیرۆکەکەدا جگە لە بەشی ناساندن لە سەرەتاوە، باقی بەشەکان بەو شێوە کاتیان پێ نەدراوە.

راپەڕینی زیندانییە سیاسییەکان –گەرچی نایان بینین- و هەر لەو کاتەدا بەدنیا هاتنی منداڵ خۆی لە خۆیدا بابەتێکی جوانە، بەڵام بێ ئاکام دەمێنێتەوە و بەرهەمی درامی لێی وەرناگیرێ.

لەباری "تیپ"ەوە هێندێک لە ئاکتەرکان زۆر باش هەڵبژێردراون، وەکوو دوو پاسەوانەکە، بەرپرسی زیندان و ژن و مێردە ئێعدامییەکە.

ناتەواوییەکانی فیلمەکە زۆرن من هەوڵ دەدەم ئەوەندەی دەکرێ بەش بەشیان بکەمەوە هاتا منیش وەکوو ریتمی فیلمەکە سەرم لێنەشێوێ.

بابەتی ئەم فیلمە لە باری ناوەرۆکەوە وا داڕێژراوە کە هەموو ژیان بە زیندانێک بچوێنێ کە هێندێ نیزامی پاسەوانی لێیدەکەن و تەنیا مافی ئینسانەکان ئەوەیە کە زیندانییەکی باش بن و هەر چێکیان بەسەر دێنن دەنگیان دەر نەیێ، بەڵام ئەوان پێ لە بەرەی خۆیان درێژ دەکەنەوە و ئەمە دەبێتە هۆی خولقاندنی دراماکە. کەرەسەی پێویستیش کۆ کراوەتەوە، بەڵام ئەو شتانە کە دەرهێنەر دایناوە بیڵێ

هێندە زۆرن کە لەو زەرفەدا جێگایان نابێتەوە. ئەمە بووەتە هۆی هاتنە پێشەوەی بابەتی جۆربەجۆ بە بێ پێشەکی، بێ لێکدانەوە و تەنیا وەکوو دروشمێک نیشان بدرێن و بەر لەوە شتێکمان دەستکەوێ دەڕۆن و وون دەبن وبەپەلە شتێکی دیکە جێیان دەگرێتەوە. بۆ نموونە زیندانییە سیاسییەکان تەنیا لە هەڵاتنێکدا و بە سرودێک دەناسرێنەوە و لە ئاخرەوە بەو دروشمانە کە لەسەر دیوارەکان نووسیویانە.

لە گیروگرفتی زیندانی ژنان تەنیا حەمام کردن و منداڵدار بوون دەبینین. ناتەباییەکانی زیندانی پیاوان تەنیا بە داواکارییەکانیان لە بەرپرسی زیندان، دەردەکەون، نەک لە ژیانی نێو زینداندا. ئەوەی زیاتر لە هەمووان کاری لەسەر کراوە منداڵەکانن کە قوربانی سەرەکی زەبر و زەنگی زیندانن، بەڵام وەکوو زۆربەی شتەکانی دیکە بە ساکاری دەرکەوتوون. نیشاندانی فاشیزم بە لێدان و شەپ و شەق، شتێک کە لە سەرەتاوە هەتا ئاخر کەڵکی لێوەرگیراوە و دەگاتە رادەی بێزاری، ئاسانترین و ساکارترین شێوەیە. بەتایبەت کە مەبەست لە لێدانەکە دەر ناکەوێ و لە فیلمە سەربازییەکانی ئەمریکی دەچی کە ئاڵمانییەکان بەو شێوە نیشان دەدەن. وەکوو ئەمانە بەس بە هۆی نەخۆشی نەفسی خۆیانەوە لە منداڵان دەدەن، کە ئەم شێوە بۆ نیشاندانی فاشیزم زۆر کۆن و بێ بایەخ بووە و لە شێوەی رووناکبیری ئەهلی لێکۆڵینەوە ناچی. تەنیا خاڵی باش لەم لێدانەدا ئەوەیە کە دەبینین تەنیا زیندانەوانەکان نین کە لێدان دەکەن، زیندانییە پیاوەکان لە وڵامی داوای نان کردنی مداڵەکاندا، لێیان دەدەن و منداڵەکانیش بۆ خۆیان تەنیا بە لێدان لەگەڵ یەکتری دەدوێن. یانێ دەسەڵات کولتور دروست دەکا و تەشەنە دەستێنێ هەتا دەبێتە رەوشی گشتی. ئەم شێوە بە بیری نووسەری فیلمی یۆڵمان دەخاتەوە. بەداخەوە ئەم بیرە ئەوەندە ماوەی پێنەدراوە کە گەشە بکا و هێند لەگەڵ شتی دیکە تێکەڵ دەبێ کە ناتوانین بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی فیلمەکەی دابنین.

لەباری فۆرمەوە تەنانەت وێنەکان ئەوەندە کاتیان پێنادرێ کە کار بکەنە سەر هەستی بینەر و لەبیر نەچنەوە، بۆیە کایەی منداڵە ئازادەکان و ئەو کاتە کە تۆپەکەیان دەکەوێتە ناو منداڵە زیندانییەکان هەستی ئێمە نابزوێنێ. یان کاتێک کە منداڵەکە دەکوژرێ، یان ئەوی دیکە دەمرێ، تەنانەت بردنی

ئیعدامییەکان، بینەر لە ڕووداوەکەدا بەشدار نابێ و دەرهێنەر لەباتی هەموو شتێک دروشمی زەلام تەحویل دەدا و ناهێڵێ خۆمان بە هەست و بیری خۆمانەوە بەرەنگاری لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەین.

بەگشتی دەکرێ بڵێین دیوار بە بیر و فەلسەفەیەکی قووڵەوە دەست پێدەکا- کە ئەمە بۆ کاری هونەری پێویستە بەڵام کافی نییە- ئەم بیرە پەروەردە و پەرداخت ناکرێ و نیوەچڵ و ناتەواو دەمێنێتەوە. ئەو بەشە لە کاراکتێری گونەی کە دەرگیری باری دروشمی سیاسییە بەسەر فەلسەفەی هونەریدا زاڵ دەبێ و دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی فیلمەکە و دەبێتە هۆی هەڵەیەک کە زیاتر هونەرکاران لەسەرتای دەستپێکردنی کاری فیلمدا دەیکەن. یانێ گوتنی هەموو ئەو شتانە کە لە دڵیان دایە بە یەکجاری و هەوڵدانێکی سەرنەکەوتوو بۆ گرێدانی ئەوان پێکەوە. ڕەنگە گونەی زانیبێتی ئەوە ئاخرین کاری دەبێ و ژیانی دەرفەتی فیلمێکی دیکەی پێنادا، بۆیە ویستوویەتی هەموو ژاری بۆچوونەکانی دژ بە دەسەڵاتی نیزامی تورکیە هەر لەو فیلمەدا هەڵڕێژێ.

لێرە تەنیا یەک شت دەمێنێ کە پێویستە دوو وشەی لەسەر بگوترێ. ئیلماز گونەی وەکوو هونەرمەندێکی کورد نێو دەبرێ. بێگومان کوردبوونەکەی بووەتە هۆی ئەوە کە ئێمە لێرە دانیشین و یادی بکەین، بەڵام لەباری هونەرییەوە بە بڕوای من کوردبوایە و نەبوایە هەر ئەو جێگا و نرخە هونەرییەی دەبوو کە هەیەتی و دەبێ بە بێ ئەوە کە کوردە یان نە چاوی لێی بکرێ. گرێدراوی ئەو بە کورد و کوردستانەوە لە کارە هونەرییەکانیدا زۆر جێگایەکی تایبەتی نییە. ئەو کوردیش وەکوو بەشێک لەو خەڵکە چەوساوەی تورکیە چاو لێدەکا. ئەگەر جار و بار قامکی بۆ ڕادەکێشێ، بە بووچوونێکی چینایەتی و لە باوەڕی ئەنترناسیۆنالییەوە بۆ ڕووداوەکان دەڕوانێ و گیروگرفتی نەتەوایەتی وەکوو شتێکی تایبەتی ناهێنێتە پێشەوە. دیارە لەم وتارەدا کە زیاتر باسی گونەی وەکوو هونەرمەند دەکەین نەک وەکوو سیاسییەک، بۆیە زیاتر لەسەری ناڕۆم.

بەگشتی بە پێ ئەوە کە لەبەر دەستمان دایە دەتوانین بڵێین گونەی یەکێک لە سینەماوانە بە کولتورەکانی سینەمای تورکیەیە کە لە فیلمی یۆڵ دا بە لووتکەی هونەری خۆی دەگا و لە دیواردا نەختێک دادەکشێ و ژیان مەودای نادا کە لە ئۆروپا چاو و دەم بکاتەوە و جەسارەت و توانایی خۆی

زیاتر پەروەردە بکا و بۆ گرتنی لووتکەکانی دیکە ئامادە بێ. بەخێڵی پێی دەبەم کە نەما ئەم ڕۆژە ڕەشانە ببینێ و تاسەی دەکەم کە جێگای لە سەرەوەی کۆڕی هونەرمەندانی کورددا بەتاڵە.

تەیفور ١٩٩۴

**